گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە شیعری شاعیرانی کۆیەدا لە ساڵانی (1961- 1975)

**پ. ی. د. جەمال فەتحوڵڵا تەیب**
بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
jamal.fathulla@koyauniversity.org

## پوختە

کۆیە شارێکی دێرینی کوردستانە، خاوەن مێژوویەکی قووڵە و بە شاری ئەدیب و ڕووناکبیر و ڕۆشنبیران ناسراوە، لە سەدەی بیستەم زۆرینەی شاعیرە ناودارەکان کوردستان خەڵکی شاری کۆیە بوون، لەوانە: عاسی، زەینەب خان، سامی عەوداڵ، خوشکە فریشتە، پشکۆ، خالید دلێر، دیاری، عەونی و... ناوەڕۆکی شیعری شیعرەکانیان بابەتی سیاسی، دڵداری، کوردایەتی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی ... هتد بووە. یەکێك لە هۆکارەکانی جوڵاندنی هەستی شاعیرەکان ڕووداوە هەنووکەییەکان ڕۆژ بووە، بۆیە کاتێك شۆڕش لە 11ی ئەیلوولی ساڵی 1961 دەستپێدەکات و شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراق و کورد دروست دەبێت، ڕووداوەکانی دەبێتە هەوێنی جووڵاندنی هەست و سۆزیان و شاعیران لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە پاڵپشتی شۆڕش دەکەن و ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، زیاتر لەوانەش هانی هاووڵاتییان دەدەن بۆ بەشداری کردن لە شۆڕشەکە و قوربانیدان بۆ سەرخستنی شۆڕشەکە.

**وشە کلیلەکان**: شاعیرەکانی کۆیە، شیعر، شۆڕشی ئەیلوول، ئۆتۆنۆمی

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:٢٠٢٢/١٢/٦**
**پەسەندکردن:٢٠٢٣/١/٢٦**
**بڵاو کردنەوە:زستانی٢٠٢٣**

**ووشە سەرەکییەکان**
*influence and attitude, Koya, poet, poetry, September Revolution*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.5

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە شیعری شاعیرانی کۆیەدا لە ساڵانی (1961-1975)) بە شێوەیەکی گشتی تیشك دەخاتە سەر بارودۆخی کۆیە لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا، بەتایبەتی لە دیدی شاعیرانی کۆیەوە. لە ڕاستیدا شاعیرانی کۆیە لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییەکان شیعرییان لە بارەی شۆڕشەوە نووسیوە، زۆربەی شیعرەکانیان داکۆکی کردن بووە لە مافی نەتەوە کورد، هەروەها هانی خەڵکی شارەکە و کوردستانیان داوە، کە بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، تاکوو کورد بە مافە ڕەوایەکانی خۆی بگات و لە ژێر دەستەیی و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق ڕزگاری بێت.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر شاعیرانی کۆیە بخاتە ڕوو، کە تێیدا شیعری چەند شاعیرێکی کۆیە بە نموونە وەرگیراوە و بە شێوەی پۆلێنبەندی دامانناوە، لە هەندێك شوێنیشدا شرۆڤە و لێکدانەوەیان بۆ کراوە، شیعرەکانیش بە ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو کاتەی کۆیە و کوردستان بەراورد کراوە و باسی لێوە کراوە.

توێژینەوەکە لە دەروازەیەك و دوو باس پێکهاتووە، دەروازە بە ناونیشانی: دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول، تێیدا بە کورتی باسمان لە شۆڕشی ئەیلوول و دەستپێکردنی لە کۆیە کردووە. باسی یەکەم، لە ژێر ناوی: ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵانی (1961- 1970) لە شیعری شاعیرانی کۆیەدا باس کراوە. باسی دووەمیش تایبەتە بە: ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار تا کۆتایی شۆڕش لە شیعری شاعیرانی کۆیەدا.

## دەروازە: دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول:

لە دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لە 14ی تەمموزی 1958، پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی و پشتیوانی بۆ قاسم دەربڕی، تەنانەت لە 16ی تەمموز بەیانێکیان بڵاوکردەوە، تێیدا هەموو توانایەکی خۆیان خستە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی شۆڕشی 14ی تەمموز و لایەنگرانی شۆڕشەکە، هەروەها ڕایانگەیاند: "ڕزگاربوون لە ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆمار و کشانەوە لە پەیمانی بەغدای ئاراستەکراو بۆ جەنگی نەتەوەیی کورد، پتەوترین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بناغەن بۆ دامەزراندن و دروستکردنی ژیانێکی کامەرانی و ئاسوودەیی و یەکسانی بۆ هەردوو گەلی کورد و عەرەب" (عومەر، 2021، 59). هەروەها لە 21ی تەمموز شـێخ ئەحمەدی بارزانی لە دوای 12 سـاڵ زیندانی ئازاد کرا، مەلا مسـتەفا بارزانیش لە ئاوارەییەوە (یەکێتی سـۆڤیەت) بروسـکەی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرانی شۆڕش کرد و پشتگیری خۆی بۆ کۆمار دەربڕی، دواتر لە 6ی تشرینی یەکەمی 1958 گەڕایەوە عێراق (عومەر، 2021، 58- 61).

دوای گەڕانەوەی بارزانی پارسـەنگی هێز لە بەرژەوەندی کورد شـکایەوە، ژمارەی ئەندامانی پارتی زۆر زیادی کرد، کەچی حکومەت هەنگاوی پێویسـتی بە ئاراسـتەی باشـترکردنی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردسـتان نەگرتەبەر، ئەمەش بووە مایەی نائومێدبوونی کورد. ئەو سـیاسـەتە ئابوورییەی حکومەت پەیڕەوی دەکرد، ئەنجامەکانی خراپ بوو، چونکە لە پلانە پێنج سـاڵییەکەی 1959-1963دا هیچ پڕۆژەیەکی بە بایەخی بۆ کوردستان تەرخان نەکرد، تەنانەت پڕۆژەی کارگەی شەکر لە سلێمانی و کارگەی ڕستنی لە هەولێر گواستەوە بۆ شارەکانی کوت و دیوانیە لە ناوەڕاستی عێراق (مام خول، 2022، 19).

هەروەها کاتێك مسـتەفا بارزانی لە 7ی ئایاری 1960 خەریکی بەسـتنی کۆنگرەی پێنج بوو لە بەغدا، قاسم پێشـوازی لە شـاندێکی خێڵەکی کرد، کە دوژمنانی سـەرسـەختی بزووتنەوەی کوردیان تێدا بوو، هەروەها چەك و پارەی بەسەر ئەو خێڵانەدا بەخشییەوە کە دژی سەرکردایەتی پارتی بوون، لە بەرانبەر پارتی بە خۆڕاگری و بە دەسـەڵات مایەوە، بەردەوام داوای چاکسـازی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستان دەکرد، یاخود داوای پێویستی جێبەجێ کردنی مادەی سێ لە دەستووری کاتی دەکرد، ئەویش بە پێدانی مافە نەتەوایەتییەکان و هەڵوەشـاندنەوەی حوکمە عورفییەکان و کۆتاییهێنان بە قۆناغی ڕاگوزەری (ئەلعامری، 2021، 157).

لە کۆتایی تەمموزی 1961دا، حکومەت بە نهێنی لیژنەیەکی ئاسـایشـی بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی کوردسـتان و پێشـکەشـکردنی پلان و ڕێگەچارەیەك بۆ لەناوبردنی چالاکی پارتی و سـەرۆکەکەی مستەفا بارزانی و دەستگرتن بە سەر کوردستاندا نارد، لیژنەکە لە 12ی ئابدا ڕاپۆرتێکی گشتگیری سەبارەت بە پشێوییەکانی کوردستان پێشکەشکرد و شیوعییەکانی بە هاندانی یاخیبووان تۆمەتبار

کرد، ڕاپۆرتەکە بە توندی هێرشی کردە سەر بارزانی و پێشنیازی بەکارهێنان و ناردنی هێزی چەکداری و هێرشکردنە سەر ناوچەکەی کرد (مام خول، 2021، 21).

ئەگەرچی لە سەرەتادا کورد بەشداری لە حکومەتی تازەی قاسمدا کرد، بەڵام هێندەی نەخایەند، بارودۆخەکە پێچەوانەوە بووەوە، بە شێوەیەك تا دەهات حکومەت چاودێری سەر پارتی و سەرۆکەکەی توندتر دەکرد، تەنانەت دەستیکرد بە گۆڕینی تابلۆی ناوی قوتابخانە و دووکان و شەقامەکان کە بە کوردی نووسرابوون و دانانی تابلۆی عەرەبی لە جێگەیاندا، بۆیە سەرکردایەتی کورد چەند یادداشتێکیان بۆ قاسم نارد، بەڵام هیچ وەڵامێکی گەشبینانەیان نەدایەوە و ڕەوشەکە بە ئاراستەی دوورکەوتنەوەی نێوان سەرانی کورد و حکومەتی عێراق دەڕۆیشت، بە شێوەیەك لە 11ی ئەیلوولی ساڵی 1961 شەڕ هەڵگیرسا (ئەلعامری، 2021، 163- 164).

لە دوای دەستپێکردنی شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراق و کورد، حکومەتی عەبدولکەریم قاسم هێرشێکی لە ناکاوی بە فڕۆکە جەنگییەکان کردە سەر چەکدارەکانی کورد لە کۆیە و گەلی زاخۆ و دەربەندیخان و دەربەندی بازیان و چەند شوێنێکی دی، تەنانەت لە کۆیە کرێکارێکی لاوی کوشت، کە لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا بوو بۆ سەر کار دەچوو، هەروەها کەسێکیش لە تۆپزاوا بریندار بوو (دڵزار، 2019، 216). لەم بارەیەوە مەسعوود محەممەد دەڵێت: " لە ڕۆژی دەی ئەیلوول دەمە و عەسر تەیارەیەکی مۆدێل کۆنی تەنبەڵ بەسەر شاردا تێپەڕی و بەیاننامەیەکی هەڕەشەی بە هەزاران نوسخە فڕێدا، کە وا سبەینێ لەشکر بەرەو کۆیە دێت، هەر بەرهەڵستی و دەست کردنەوەیەک بەرانبەر لەشکر بکرێت شارەکە کاول دەبێت، بەیانی ڕۆژی یازدەی مانگ لە بانی کۆشک بە جارێ بەسەر چارپاوە ڕاکشابووم ڕۆژیش گزنگی نەدابوو دیتم لە لای ڕۆژئاوای جنوبییەوە دوو تەیارە وەکوو دوو برا داهاتنە زەوی و دووکەڵی تەمەنیشیان بە دوایانەوە شریتەی پێچەڵ پێچی دەکێشا. زانیم ئەم هێرشە بۆ سەر نوختەی تەفتیشی چەکدارەکان بوو کە لە سێ کیلۆمەتری شارەوە بەسەر سێڕیانی هەولێر و کەرکووک و کۆیەوەیان ساز دابوو. یەکسەر ڕاست بوومەوە دەنگی خەڵقم دا کە لە سەربانان نەمێنن نەکا بێلزووم ببنە ئامانجی شەستیری فڕۆکەی گێچەڵاوی. نەختێک بێباکی وەیا نە شارەزایی سەری کێشایەوە بۆ ئەوەی پیکەپێکی کۆمەڵە کرێکارێکی سواربوو بوو لە ڕۆخ شارەوە بۆ سەر ئیشی خۆیانی دەبردن تەیارەیان گەیشتێ و گوللەبارانی کردن و کرێکارێک کوژرا. بەمەدا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەڵق ترسی لێنیشت. دواتر دەنگ بڵاوبۆوە کە نەترسن ئەمە تەقەی ترساندننە، ئیدی چەکدارەکان نوختەی تەفتیشیان چۆڵ کرد و بۆی دەرچوون چونکە تفەنگی هەناسە سارد چی پێ ناکرێ لەگەڵ تەیارەی میگ، مانەوەی چەکدار لە شوێنی خۆی دوای ئاشکرابوونی لە مردن بەولاوە چی دی پێوە نییە." (محەممەد، 2009، 65- 66). لە سەرەتای شەڕەکەدا خەڵکی کۆیە شارەکەیان چۆڵکرد، تەنیا بەساڵاچووان و ژمارەیەك لەو فەرمانبەرانە مابوونەوە کە بژێوی ژیانیان دەیخواست بمێننەوە، فڕۆکە ڕێگا دەرەکییەکانی کۆیە، بەتایبەتی ڕێگای ڕانیەی بۆردوومان کرد و دەستی لە خەڵکی سڤیل و خێزان نەدەپاراست، لە ئەنجامی بۆردووماندا ژمارەیەکی لە پیر و منداڵ و ئافرەت بەرکەوتن، تەنانەت هەندێك لە شۆفێرانی ئۆتۆمبێلی کرێ بریندار بوون (دزەیی، 2009، 42).

بەم جۆرە شۆڕشی ئەیلوول دەستیپێکرد و ماوەی 14 ساڵ بەردەوام بوو، کە بووە هۆی زەرەر و زیانێکی زۆر بۆ کورد و حکومەتی عێراق، دواجار هەمووان تێیدا زەرەرمەند بوون، لە کۆتاییشدا بە هۆی دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و ڕێککەوتننامە جەزائیر لە ساڵی 1975 کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلوول هات.

## باسی یەکەم: ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵانی (1961-1970) لە شیعری شاعیرانی کۆیەدا:

دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان، تا ڕادەیەك قۆناغێکی دیکەی لە هەستی شاعیرانی کورد دروست کرد، ئەمەش بە ڕوونی لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. لەم نێوەشدا شاعیرانی کۆیە لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە بیروباوەڕی خۆیان دەربڕیوە و پاڵپشتی شۆڕشیان کردووە، بە شێوەیەك کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لە زۆربەی شیعرەکانیان دیارە. بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی شاعیر لە کۆیە دیاردەیەکی نامۆ و لەخۆڕا نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە کۆیە ناوەندێکی ڕووناکبیری و خوێندەواری بووە و دەرفەتی ئازادی بیروڕای تێدا فراوان بووە. لێرەدا کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول بەسەر شاعیرانی کۆیەدا دەخەینەڕوو.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**یەکەم: پشکۆ[1]:**

پشکۆ، کە هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی شۆڕشگێڕی بووە، چاوێکی بە دیقەتی هەبووە بۆ بینین و سەیر کردنی نەتەوە و نیشتمانی خۆی، چونکە نەتەوەی کورد و خاکەکەی بە بەردەوامی لە ژێر چەپۆکی دوژمناندا بووە و خاکەکەی پارچە کراوە، بۆیە بە شیعر ڕووداوەکانی باس کردووە، تەنانەت بەر لە دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول ڕۆڵی لە ئاراستە کردنی گەنجانی کورد بینیوە بۆ تێکۆشان و هەوڵدان بۆ ڕزگاری لە ژێر دەستەییدا (پشکۆ، 2020، 35- 36). لە 12ی ئابی 1961 شیعری (هەڵسن هەڵسن)ی نووسیوە کە دەڵێت:

دەوجا هەڵسە، چار ناچارە کورد هەڵدەستێ بە یەکجارە
هێزی هەر هەمبانەی کۆنە مردن بە مەردی چلۆنە
کە گەلی کورد یەکتر بگری هیچ هێز نییە خۆی ڕابگری (پشکۆ، 2020، 37).

پشکۆ، وەك دەنگێکی دلێر و کۆڵنەدەر، وەك ئاوات و خۆزگەیەك دەخوازێت ئەگەر لە ژیاندا بوو، یانیش ئەگەر مردبوو لە گۆڕ دابوو، کاتێك موژدەی دەوڵەتی کوردی بە گوێچکەدا دەچرپێنن چاو هەڵدێنێ، ئەمەش لە شیعری (ئاواتی کورد)دا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە لە 12ی ئابی 1961 نووسیویەتی.

ئایا دەمرم یا دەمێنم شەماڵ بە گوێم بچرپێنێ
لە چوار گۆشەی کوردستانا هەر چوار لای یەکبگرێتەوە
لە گۆڕیش بم چاو هەڵدێنم مزگێنی کوردم بۆ بێنێ
لە گەرمیان و لە کوردستانا مافی خۆی پێ بدرێتەوە (پشکۆ، 2020، 37).

ئەو کاتەی پشکۆ ئەم شیعرانەی نووسیوە، شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێ نەکردووە، بەڵام لەو کاتەدا مافە دیموکراتییەکان لە عێراق وردە وردە کەم بووەوە، تەنانەت لە ساڵی 1961 بە تەواوی پێشێل کرا، هەروەها مافی کاری سیاسی پارتایەتی لە باربرا (جەلال، 1998، 63). دەکرێت بڵێین: پشکۆ پێشتر هەستی بە دەستپێکی بزووتنەوەی کوردی کردووە، بۆیە بەم شێوەیە دەنووسێت و بەرگری لە

کوردستان و نیشتمان دەکات. پشکۆ کوردایەتی و نیشتمانپەروەری وەك قوتابخانەیەك سەیر کردووە، بۆ پەروەردە کردنی لاوان و گەنجان تا بە ئاوات و خۆزگەکانی نەتەوەکەیان بگەن، لەگەڵ ئەمەشـــدا یەکگرتن و یەکێتی و تەبایی دەکاتە قەڵغانی ســـەرکەوتن و پێی وایە دوژمن لە ئاســـتی یەکگرتنی کورداندا کوێر دەبێت (پشکۆ، 2020، 39).

دیارە پشـــکۆ بۆ ڕزگاری نیشـــتمان و دەرچوون لە ژێر دەســـتەییدا زۆر بڕوای بە خەبات و هەوڵ و تێکۆشـــان هەبووە، تەنانەت دەڵێت: چۆن دڵۆپەی ئاو شـــاخ دەبڕێت، ئاوا بیری ئاویش بە نینۆك هەڵدەکەنرێ، ڕۆژێکیش دێت کورد بەو ئاواتەی بگات، هەر لەم پێناوەشـــدا ئامادەیە خوێنی خۆی بە خەڵات ببەخشێ. لە شیعرەکەیدا بە ناوی (میللەت) دەڵێت:

ڕۆژێ دێ، میللـــەت بە مافـــی بگات ئـــاڵای ئـــازادی لە بـــاوەش گرتن
بیر بە نینۆکان هــــەر هەڵدەکەندرێ دڵۆپەی ئەشـــــکەوت کێوی کردوە
(ئـاگر) خوێنی خۆی پێشـــکەشـــە کـــــــــــــــــــــــــون (پشکۆ، 2020، 39).
هەردەم هەر کاتێ کە کـورد پێویستی بێ من

پشـــکۆ لە ســـاڵی 1962دا، لە پاڵ هەوڵ و تێکۆشـــان و خەبات، هانی لاوان دەدا کە بەردەوام بن، ئازادی بێ ماندووبوون و خەباتی نەپساوە نایەتە دی، بۆیە لە شیعری ڕێگای (ڕێگای خەبات)دا دەڵێت:

لە ڕێی خـەبـاتـا گەر ماندوو نەبین لە کـــــار و بارت زوو بــــە زوو نەبین
لەم هــــــەزار کەنـدە لە یەکـێ گەر ڕەوشـــت بەرزوو هەســـت و خوو (پشکۆ، 2020، 37).
دەگـــــــلـــــــێـــــیـــــــت نەبـــــــــــــــیـــــــــــــــن

لێرەدا هەستی قووڵی کوردایەتی لە ناخیدا دەجووڵێ و داوا لە لاوانی نەتەوەکەی دەکات کە ئازادی پێویستی بە قوربانی و گیانبازییە.

**دووەم: خالید دلێر[(2)]:**

خالید دلێر یەکێکی دیکەیە لە شاعیرە کۆییەکان، کە لە 16ی ئەیلوولی 1961دا، تەنیا پێنج ڕۆژ لە دوای دەســـتپێکردنی شـــۆڕشـــی ئەیلوول، لە زینـدانی (تســـن)ەوە لە خوارووی عێراق شـــیعری (پێشمەرگەی کوردستان) دەنووسێت، کە تێیدا هاتووە:

پێشمەرگەین بە هەڵمەتین

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاڵەوانی میللەتین
شێری ڕۆژی زیللەتین
لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان
بەخت دەکەین، ژیانمان، ماڵ و گیان
لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان (شەریف، 2019، 282).

دەکرێت بڵێین ئەم شیعرەی خالید دلێر، وەك یەکەم شیعری شاعیرانی کۆیە سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوول دابنرێت، کە کرۆکی شیعرەکە سەربەخۆیی و ئازادی کوردستانە، بە شێوەیەك ئامادەیی تەواوی کوردی بۆ گیان بەخت کردن نیشانداوە. هەر لەم شیعرەدا هاتووە:

دەرنەچێ لە خاکمان دوژمنی کافر
دار و بەرد و خۆڵی لێ ئەکەین بە ئاگر
هەر بە زووی دەیبەزێنین
تا سنوورمان ئەیڕتێنین
کوردستانی گەورەی لێ وەیەك دەهێنین
زۆری سەرکەش هەوڵی داوە کورد نەهێڵێ (شەریف، 2019، 282).

خالید دلێر، لەم شیعرەیدا پێداگیری لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی خۆی و پاراستنی کوردستانی گەورە کردووەتەوە، هانی کوردانی داوە لە بەرانبەر حکومەتی عێراق بجەنگن و ڕووبەڕوویان بنەوە، لە هەمان کاتدا ڕووداوی مێژووی بە نموونە دەهێنێتەوە، کە لە پێشوودا زۆر داگیرکەری دیکەش هەوڵی لە ناوبردن و داگیرکردنی کوردستانی داوە، بەڵام سەرنەکەوتوون. دیارە ئەم شیعرە پەیوەستە بە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول، واتە ڕەنگدانەوەی شۆڕشە بەسەر هەست و بیری شاعیر، لە کاتێکدا لە زیندانیش بووە، بەڵام بە ڕوونی کاریگەریی بەسەرییەوە دیارە.

هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا باس لە هێزی پێشمەرگە دەکات و وەکوو بەڵگەیەك لەسەر مافی کورد دەیناسێ و هەرگیز کۆڵ نادات و جێگەی ئومێدی هەموو کوردێکە، دوای ئەوەی گەلی کورد دووچاری هێرش و پەلاماری دڕندانەی هێرشی حەرەس قەومی[3] بۆ سەر کوردستانی عێراق، دەڵێت:

من پێشمەرگەم، پێشمەرگەم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەر مافی کورد بەڵگەم
بەڵگەم بۆ ئەوە کە کورد
بۆ دوژمنان نابێ بە پرد
زۆر کاری تێ ناکا
سەر بۆ دوژمن شۆڕ ناکا (دلێر، 1968، 51)

لێرەدا شـاعیر بە زمانی سـادە و سـاکار شـیعرەکانی نووسـیوە، تا کۆمەڵانی خەڵکی زۆر لێکراوی کوردسـتان خەباتیان بناسـن و لێی تێبگەن و جۆش و خرۆشـی دروسـت بکات، کە بۆ ئەو قۆناغەی خەبات زۆر پێویست بوو، تەنانەت کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لە جۆشدانی ڕۆڵەکانی بە ئاراستەی بەشداری کردن لە خەباتی چەکداری.

**سێیەم: عاسی[4]:**

عاسی، شاعیرێکی سنووری کۆیەیە و پیاوێکی ئایینی بووە، بەڵام هەستی بە چەوساندنەوەی نەتەوەکەی کردووە و پاڵپشتی خەباتی چەکداری بووە و شۆڕشی ئەیلوول لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لە ساڵی 1961 و لە دوای دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (بە موناسەبەتی ڕۆژی 11ی ئەیلوول) دەڵێت:

ڕۆژی یازدەی مـانگی ئەیلول بوو بە جێژنەی کوردەکان
ئاگـری شـۆڕش هەڵایسا شەوقی دایە ڕووی جیهان
وا لە دیار ئەم جێژنە سەیری هەر وەکوو غیلمان و حوور
سەف بـە سـەف وەستاوە تیپی لوئلوئو مەرجانەکان (عاسی، 2008، 211).

عاسی، باوەڕی وا بووە کە شۆڕشی ئەیلوول لە بەرژەوەندی کورددایە، بە جۆرێك بە جەژن ناوی دەهێنێت، ئەنجامی شۆڕشەکەش بە ڕووناکی و ئاوەدانی بۆ کورد دەبینێت.

کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول زیاتر لەسەر عاسی دەردەکەوێت، کاتێك شیعری (گرمە گرمی تۆپ و ساروخ شیوەنی منداڵ و ژن) دەنووسێت، لە بەرانبەر بۆردومان کردنی کوردستان بە تۆپ و تەیارە و دەبابە، بۆیە لە خودا دەپاڕێتەوە بارودۆخەکە چاك بکات. لە شیعرەکەدا هاتووە:

گرمە گرمی تۆپ و ساروخ شیوەنی منداڵ و ژن

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوڕ دەڵێ ئەی دایە هاوار، داک دەڵێ هاوار لە من
دەنگی پەروانەی تەیارە و قرچە قرچی دۆشکەکان
هیچ پەنا و پێچی نەماوە بچنە کوێ تا دەربچن
زیرە زیرِی چەرخی دەبابەش لەسەر خاکی وەتەن
ڕوو لە کوێ کەین یا ئیلاهی دێتە دوامان کون بە کون (عاسی، 2008، 215- 216).

عاسی لەم شیعرەدا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و دیمەنەکان نیشان دەدات، باس لەو دۆخە دەکات کە خەڵك بەسەریدا هاتووە، چۆن لە ترسی هێرش و پەلاماری حکومەتی عێراق دەربەدەر و ئاوارە بوون، هاوکات سکاڵا لە لای خودا دەکات، کە کورد چی بەسەرهاتووە. بێگومان لەو قۆناغەدا بۆ کورد گرنگ بووە کە پیاوێکی ئایینی ناوداری وەك عاسی پاڵپشتی لە شۆڕشی چەکداری بکات و بە ڕەوای بزانێت، ئەوەش ئاستی هۆشیاری مەلای شاری کۆیە نیشان دەدات، کە کاریگەری مەلای گەورەی لەسەر ژیان و بۆچوونەکانیان بە ئاشکرا دیارە.

**چوارەم: زەینەب خان[5]:**

زەینەب خان، ژنە شاعیرێکی دیاری کۆیەیە و خوشکی دڵداری شاعیرە، چەندین شیعری نووسیوە و لە دوای کۆچی دوایی بڵاوکراوەتەوە، ساڵی 1961 شیعری (خیانەت) دەنووسێت، کە دەڵێ:

دەستت مەخەرە ناو دەستی دوژمن
فریوت دەدا و دەتخەڵەتێنێ
خوێنت پڕ دەکا لە ژەهری مردن
هەم سووکت دەکا هەم دەتفەوتێنێ (زەینەب خان، 2018، 230).

ئەم شیعرەی زەینەب خان، بۆ ئەو کوردانە نووسراوە کە پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبوو و یارمەتی حکومەتییان لە دژی پێشمەرگە دەدا. چونکە ژمارەیەك کورد هاوکاری حکومەتی عێراقییان دەکرد، تەنانەت لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1963دا لە شەڕی چیای هەیبەت سوڵتان، ئەگەر پاڵپشتی و هاوکاری جاش و لایەنگرە کوردەکانی حکومەتی عێراق نەبووایە، سوپا نەیدەتوانی هەیبەت سوڵتان بگرن و پاشەکشە بە پێشمەرگە بکەن (دزەیی، 2009، 46).

هەروەها زەینەب خان، ساڵی 1962 شیعری (وەرزەکان) دەنووسێت، ئەم شیعرە لە کاتێکدایە کە شـــۆڕشـــی کوردی ســـەریهەڵداوە و هیوایەکی گەورە بە کورد بەخشـــراوە، لەو ڕێگەیەوە دووبارە پێشمەرگە سەری هەڵدایەوە و کورد بووە خاوەنی ڕابەر، ئەمەش وای لە دەسەڵاتدارانی عەرەب کرد، زۆر بە توندی دژی کورد بجەنگن و چەندان چەکی جۆراوجۆر بێنە کوردســتان و پرۆســەی ســوتانی گوندەکان و زەویی کوردسـتان دەسـت پێ بکەن، بۆیە شـاعیر هاواری لێ هەسـتاوە و پەنای بۆ خودا بردووە، کە چۆن زەوییەکانی کوردستان دەسوتێنن (غەمبار، 2021، 334)، کە دەڵێت:

ئای خودا خنکاین
لە ناو دووکەڵ
لە ناو تەم و مژی
خواردنەوەی خۆمان
قەلەڕەشەکان وەکوو سەیوان
بەسەر سەرمانەوە دەقیرپێنن
بێ ئیرادەی خۆمان
لە ماڵی خۆمان دەمانمرێنن (زەینەب خان، 2018، 237).

هەروەها زەینەب خان ســـاڵی 1962 شـــیعری (گەلی کورد) دەنووســـێت، کە باس لە ئازایەتی و نەبەردی و خۆڕاگری کورد دەکات، بە جۆرێك کورد بە ئاگر و تەنانەت بە مردنی خۆشـــی نامرێت، هەروەك دەڵێت:

داستانێکی هەزار شەوەین
لە ئازاردا قوڵپە دەدەین
لە ئاگردا گڕ دەگرین و کڵپە دەدەین
هەموو ڕۆژێ مردن سڵاومان لێ دەکا
دێت و لە باوەشمان دەگرێ
بەڵام نازانێ ئەم گەلە
نە بە ئاگر دەسووتێت و

نە بە مردنی خۆی دەمرێ (زەینەب خان، 2018، 240).

شەڕەکانی نێوان حکومەت و کورد بێ زیان نەبووە، لەم پێناوەدا کورد سەدان کەسی لە بەرەکانی شەڕ لەدەستداوە، بۆیە زەینەب خان لە ساڵی 1962 شیعری (شەهیدان) دەنووسێت، کە تێیدا دەڵێت:

شەهید بە خوێنی سوور و ئاڵەوە     بە ڕەنجی گیان و مەرگی تاڵەوە
بوو بە قوربانی گەل و نیشتمان     بۆ سەربەخۆیی مافی کوردستان
شەهید بۆ خەونی لە گۆڕنراومان     بۆ خاکی زەوت و داگیرکراومان     (زەینەب خان، 2018، 238)

زەینەب خان لەم شیعرەدا وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە لە پێناو کورد گیانیان بەخت کردووە، تەنانەت لە سێدارەدان و تەناف بە چیرۆکی ئازادی ناودەهێنێت.

زەینەب خان ساڵی 1963 شیعری (میللەتی نووستوو) دەنووسێت، کە تێیدا بێ ئومێدی لە دوو لایەنەوە دەربڕیوە، لەوەی دوژمنان هەموو ڕێگەیەکیان لێ گرتوون، لە لایەکی دیکەوە گەلی کورد لە خەونی نەزانی بەخەبەر نایەین، ئەمانەش بووەتە دەردێکی گەورە، پێویستە ڕۆژێ بێت و کورد بە خەبەر بێت (غەمبار، 2021، 336). کە دەڵێت:

ئاواتی کوردەوارییە
ڕۆژگاری بێ نیشتمانم
سەربەخۆ بێ کوردستانم
هەمووی هەر تینووی ئازادین
ڕەنجدەر و پاڵە و سەپانم
بەڵام کوانێ نە دوژمنم لێ دەگەڕێ
نە میللەتم لە خەوی قووڵ بە ئاگا دێ و
ڕادەپەڕێ (زەینەب خان، 2018، 244).

لەم شیعرەدا زیاتر ڕووی لە نەتەوە کردووە، بارودۆخ و واقیعی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی خستۆتە ڕوو، چونکە ناوی ڕەنجدەر و پاڵە و سەپانی هێناوە، کە ئەوانە بوونەتە قوربانی سەرەکی ئەم ستەم و

جەورەی کە دەوڵەتی عێراق ئەنجامی داون (غەمبار، 2021، 337). ئەو شـیعرە دۆخی مرۆڤی کورد و ڕەنگدانەوەی واقعی کوردسـتانی ئەو کاتە نیشـان دەدات، واتە زەینەب خان تا کۆتاییەکانی ژیانی لەگەڵ ئازار و خەمەکانی نیشتمان و نەتەوەکەیدا بووە (قەرەداغی، 2018، 300).

هەروەها زەینەب خان ساڵی 1963 شیعری (زوڵم) نووسیوە، کە مەبەستی سەرەکی تێیدا بەهای ئازادییە، لێرەدا زوڵم لەماڵدا مەبەستی نیشتمانە، کە لە دەوریدا دەگەینەوە بە خۆمان، بە واتە خۆمان ئەو کاتە خاوەنی کەسـایەتیی خۆمانین کە زوڵم لە ماڵەکانمان دەربکەین (غەمبار، 2021، 337). کە دەڵێت:

زوڵم ئەو ماڵەیە
کە تێیدا ناجووڵێینەوە
تێیدا دەسووتێین و
هاواری ناکەین (زەینەب خان، 2018، 245).

کەواتە زەینەب خان خۆی لە ئاسـتێکی بەرزی بەرپرسـیاریەتی دەبینێتەوە کە زۆر کەم لەم لە شاعیرەکانی دیکە پەیان پێ بردووە.

زەینەب خان بەو شـێوەیە باسـی زوڵمی کردووە، کە تاتەشـۆری ئازادییەکانمانە، ماڵ دەبێ لە زوڵم پاك بکرێتەوە، چونکە ئەگەر لە ماڵ نەحەسـێینەوە، کەواتە لە کوێ بحەسـێینەوە؟ ئەو گوزارەیە بە شـێوەیەکی هاوچەرخانە مەبەسـتی خۆی دەرکاندووە (غەمبار، 2021، 338). هەروەها زەینەب خان لە شیعری (کوردی بێ کەس) لە ساڵی 1963 دەڵێت:

هەمیشە میحنەت بۆتە بەشی مە
ڕاوەدوونانە چارەڕەشی مە (زەینەب خان، 2018، 242).

کوردایەتی زەینەب خان و ئەوەی دەریبڕیوە تەنیا هەسـت نییە، بەڵکو لە ئاسـتێکی بڵندتردایە و گەیشتووەتە ئاستی هۆشیاری، هۆشیاری نەتەوایەتییەکەشی زۆر ڕوونە و لە بەشێك لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت (قەرەداغی، 2018، 283). زەینەب خان لە شیعرەکانیدا سیاسەتی تیکەڵ بە مەسەلەی نیشتمان و ئایین و زانست کردووە (ڕەسووڵ، 2018، 199).

**پێنجەم: دیاری[6]:**

دیاری لە کاتی سووتاندن و وێرانکردنی شاری کۆیە و کوردستان و بە تاڵان بردنی ماڵ و سامانی خەڵك لە لایەن حەرەس قەومییەکانەوە لە ساڵی 1963دا، شیعرێك لە هەمان ساڵ لە دوای ڕووداوەکان بە ناونیشانی (کورد) دەنووسێت، کە تێیدا دەڵێت:

ئەی نەتەوەی کورد سەرت چەند ڕەقە    گشت ماڵت ڕۆیی لەسەر ئەم حەقە
بۆ توو دەرنەچوو یەك کەوچکە ڕەقە
منداڵ لە سەرمان ڕەق بوون مەترەقە    خانووەکەت سووتا نەما یەك تاقە
لە زیڕەی ژنان فڕۆکە و تەقە    (کانی کوردەیی، 2014، 18).

هەروەها دیاری، لە دوای هاتنی حەرەس قەومییەکان و سووتاندن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، شیعرێك بە ناونیشانی (کوردستان) دەنووسێت، کە تێیدا هاتووە:

چیای کوردستان بۆچی واکزی    دەڵێی ڕێی مەڕی هەردەم بە تۆزی
ڕاوچیت لەدوایە تۆ لەو قەفەزی    تەقەت لە سەرە بۆ تۆ مامزی
لە ناو وڵاتان زۆر جوان و بەرزی    ڕووت لە خودا بێ هەر دەت پارێزی    (کانی کوردەیی، 2014، 30).

هەروەها دیاری لە ساڵی 1963 و لە دوای هاتنی حەرەس قەومییەکان لە شیعری (کوردی دلێر) دەڵێت:

ئەی نەتەوەی کورد ڕاپەڕە وەك شێر    بۆ چاوی دوژمن دەست بدە شمشێر
لە هیچ مەترسە هەر وەکوو دلێر    بۆ سەر بڕینە شەك و بەرخی نێر    **(کانی کوردەیی، 2014، 23).**
دوژمن دەر بکەن لە خاك و لە بیر    لە سەر مافی خۆت لە ملت کەن زنجیر

ئەم شیعرانەی دیاری شاعیر ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەوسای کۆیەیە، چونکە لەو کاتەدا حکومەتی عێراق لەڕێی بەکارهێنانی سوپا و میلیشیای حەرەس قەومی هێرشێکی بەربڵاویان بۆسەر کوردستان لە سێ قۆڵەوە دەستپێکرد، یەکەمیان بەرەو هەولێر و ڕەواندوز، دووەمیان بەرەو شاری کۆیە و ڕانیە،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەمیان بەرەو شاری ئامێدی و دەوروبەری. هێرش و پەلاماری حەرەس قەومی بە هاوکاری هێزی ئاسمانی عێراق بۆ سەر شاری کۆیە لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ دەستپێکرد، پێش گەیشتنیان بۆ ناو شار، ژمارەیەک فڕۆکەی حکومەتی عێراق بڵاوکراوەیەکیان بەسەر دانیشتوانەکەی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو: "هەموو هاووڵاتیان لێخۆشبوونی گشتیان بۆ دەرچووە، ئەم لێخۆشبوونەش لە لایەن سەرۆک وەزیران و سوپا سالاری عێراقەوە دەرچووە و بەسەر تەواوی هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی جێبەجێ دەکرێت، هەر بۆیە پێویستە هاووڵاتیان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حکومەتی عێراق بن و کرداری گێرەشێوێنی ئەنجام نەدەن." (تەیب، ژ 38، 2015، 14). بەڵام لە دوای هاتنی هێزەکە ژمارەیەك گوندی کۆیە سوتێنران، لەوانە: تۆپزاوا، هەرمۆتە، سماقووڵی گەلی و عەودالان (عوسمان، ژ 48، 2021، 167). هەروەها لە 1ی تەمووزی 1963 بە فەرمانی تەها شەکرچی ئامر لیوای 14ی سوپای عێراق 9 کەسی مەدەنی کۆیە لە دینگەکانی ناو بازاڕ بەسترانەوە و گوللە باران کران (کاکە، 2013، 45). دیارە حەرەس قەومی بڕیاری کۆمەڵکوژی دانیشتوانی کۆیەی دابوو، بەبێ گوێدانە جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی و تەمەن، سەرپێیانە بڕیاری مەرگی بەسەر خەڵکی سقیلی بێتاوان دابوو، هەر بۆ نموونە لە ناو ئەو کوژراوانەدا دوو مەسیحی تێدابوو، بەمەش هەموو سنورێکیان بەزاند (تەیب، ژ 38، 2015، 15).

ئەم ڕووداوە کاریگەری زۆری لەسەر دیاری شاعیر دروست کردووە، کە بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، تەنانەت وێنای ڕووداوەکانیشی کردووە، کە شاخەکان بە کزی ناودەهێنێت، مەبەست لێی سووتانی شاخەکانە. لە هەمان ساڵدا ئەم ڕووداوانە وا لە شاعیر دەکات شیعری (شیوعی و پارتی) بنووسێت، کە ئامۆژگاری خەڵکی دەکات واز لە حیزبایەتی بهێنن و هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتییان بەهێز بکەن، کە تێیدا دەڵێت:

نە شیوعی بە و نە پارتی    کوردێك بەو هەردەم پەتی
هیچ لامەدە لە خەتی    لە شەشەوە تا حەوتی
کوردە چەندە بێ بەختی    وێنەی زستانی سەختی    (کانی کوردەیی، 2014، 25).

لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول حیزبی شیوعی عێراق هەڵوێستێکی یەکلاییکەرەوەیان نەبوو، بەڵام لە دوای کوودەتای 8ی شوباتی 1963 و بەتایبەتی لە مانگی تشرینی یەکەمی 1963 نووسینگەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لقی کودی بەیاننامەیەکیان بە ناوی حیزبی شیوعی عێراقەوە بڵاوکردەوە، کە تێیدا پشتگیری خۆیان بۆ بزاڤی چەکدارانەی کورد ڕاگەیاند (عومەر، 2019، 260)، دوای ئەوەی کە شـــیوعییەکان لە بەغدا ڕووبەڕووی مەترسـی بوونەوە و ڕاونران، هاتنە ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی سـەرکردایەتی شـۆڕشـی ئەیلوول و پشـــتگیرییـان بۆ شـــۆڕشـــی ئەیلوول ڕاگەیـانـد (مـام خول، 2022، 71). دیـارە هـاتنی شـیوعییەکان بۆ کوردسـتان و دەسـتپێکردنی خەباتی چەکداری وای لە شـاعیر کردووە کە شـیعری شـــوعی و پـارتی بنووســـێـت، بۆ ئەوەی بیری حیزبـایەتی کـاڵ بێتەوە و تەنیـا بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری هەبێت.

ناکۆکی و ئاڵۆزی لە ســاڵی 1964ەوە لە نێوان باڵی مەکتەبی ســیاســی پارتی و ســەرکردایەتی بارزانیدا لە ئارادابوو، ئەمەش بووە هۆی تەقینەوە و کەرتبوون و لێکدابڕان لە نێوان ســەرکردایەتی شـۆڕشـی ئەیلوول (جەلال، 2017، 23). ئەم ناکۆکییانە کاریگەری لەسـەر دیاری شـاعیر دروسـت کردووە، بۆیە لە ساڵی 1966 لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (کورد و دووبەرەکی) دەڵێت:

بـۆ چ عـاقـڵ نەبـووی مـردووی ڕەنـــــــــــــــــجەڕۆ    هەموو نەوەیەك ژێری لەســـەر تۆ ئەتۆش خەریکی من گەورەم یا تۆ
ئەستێرەی دەستکرد دیوار و سەکۆ خەریکی یەکن بە گولله و پشــکۆ    برایەتی بکەن پـاش کەوتووی نـان جـــــــــــــــــــــــــــــــۆ (کـانـی کـوردەیـی، 2014، 19).

شاعیر دووبەرەکی ڕیزەکانی کوردی ڕەتکردووەتەوە و هانی یەکڕیزی و وەلانانی ناکۆکی سیاسی داوە و بە تاکە چارەسەری ڕزگاربوون لە داگیرکەرانی داناوە.

## باسی دووەم: ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار تا کۆتایی شۆڕش لە شیعری شاعیرانی کۆیەدا

لە ساڵی 1970 پەیوەندی و شەڕی نێوان کورد و حکومەتی عێراق بە قۆناغێکی دیکە گەیشت، لەو ســاڵەدا هەردوولا بەیەکەوە ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداریان واژۆ کرد، کە ماوەی چوار ســاڵ شــەڕ و ململانێی چەکداری لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق کۆتایی هات، بەڵام بە هۆی پابەند نەبوونی

حکومەتی عێراق بە ڕێککەوتننامەکە، جارێکی دیکە کێشەکانی نێوان هەردوولا سەریهەڵدایەوە و دووبارە شەڕ دەستیپێکردەوە (حاجی، 2018، 201). ئەم قۆناغەش کاریگەری لەسەر شاعیران هەبوو، لێرەدا چەند نموونەیەکی شیعری شاعیرانی کۆیە دەخەینەڕوو.

**یەکەم: عەونی[7]:**

ململانێ و شەڕەکانی نێوان حکومەتی عێراق و کورد تا مانگی ئاداری ساڵی 1970 بەردەوام بوو، ئەگەرچی لە کۆتایی ساڵی 1969 و سەرەتای ساڵی 1970 گفتوگۆ لە نێوان هەردوولادا هەبوو، بەڵام بە ئەنجام نەگەیشتبوون (عەبدوڵلا، 2008، 35). بۆیە شاعیران لەسەر نووسینی شیعرەکانیان بۆ پاڵپشتی شۆڕشی ئەیلوول بەردەوام بوون. عەونی، لە 3ی کانوونی دووەمی ساڵی 1970 لە سەروبەندی گفتوگۆ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق، لە کۆیە شیعری (سەربەستی ناکڕێ) دەنووسێت، کە تێیدا دەڵێت:

دەڵێن سەربەستی ناکڕێ    ماف وەردەگیرێ نادرێ
دەبێ چەکی بۆ هەڵگری    بە پشوو بی بۆ بەرگری
دەبێ خوێنی بۆ بڕژێنی    دەبێ ڕۆڵەی بۆ بمرێنی    (عەونی، 1997، 89).

لێرەدا بە ئاشکرا ڕوونی دەکاتەوە کە هەرگیز دوژمن ئازادی بە خۆڕایی و بێ قوربانی نابەخشێت و پێویستی بە خوێن و بەرخۆدانە.

هەر لە درێژەی شیعرەکەیدا دەڵێت:

کوردیش چەکی هەڵگرتووە    خوێنی لاوانی ڕێژتووە
چەند هەزار گوندمان سووتاوە    ماڵیان بە تاڵان براوە!
هەزار دایک بەرگ ڕەشن    لە شادی و خۆشی بێ بەشن
منداڵیان بێ باوک ماوە    ڕۆڵەیان شەهید کراوە!    (عەونی، 1997، 89).

هاوکات لە 8ی کانوونی دووەمی ساڵی 1970 ئەو کاتەی گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد چڕ بووبوونەوە، عەونی شیعری (بۆ ئازادی کورد) لە کۆیە دەنووسێت و دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژێر هەر دایک، سەر بەردێک سوور بووە بە خوێنی کوردێک
بەم خوێنە وەها نووسراوە بۆ ئازادی کورد ڕژاوە
ڕۆژێک ئەم خوێنە لافاوی دوژمن لوول دەدا گەرداوی
دەبێتە لافاو و شەپۆل دەگرێتە پێش خۆی دەشت و چۆڵ (عەونی، 1997، 102).

لێرەدا قوربانی زۆری لاوانی کورد لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕش بەرجەستە دەبێت و شاعیر پێداگیرە لەسەر خەبات و بەرخودان وەك چۆن باب و باپیرانمان لەم بوارەدا درێخییان نەکردووە.

شۆڕشی ئەیلوول تا ساڵی 1975 بەردەوام بوو، بەڵام وڵاتانی دەوروبەر هەوڵی لەناوبردنی شۆڕشەکەیان دەدا، بۆ نموونە تورکیا لە 19ی کانوونی دووەمی 1975 بانگهێشتی هەر یەك لە عێراق و ئێرانی کرد، تا لەسەر ڕێگە چارەیەك ڕێکبکەون (تەیب، 2012، 24). هەروەها بۆ هەمان مەبەست زنجیرەیەك کۆبوونەوەی ئاشکرا و نهێنی لە ئاستی دەرەوەی عێراق و ئێران و بە هەوڵی ناوبژیوانان لە کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی ئۆپیك، بە سەرپەرشتی هەواری بۆمدیەنی سەرۆکی جەزائیر ئەنجام درا، دواتر لە لایەن سەددام حوسێن جێگری سەرۆك کۆماری عێراق و شای ئێرانەوە ڕێککەوتننامەی جەزائیر واژۆ کرا (بابان زادە، 2013، 117).

ڕۆژی 6ی ئادار تا 19ی ئاداری 1975 سەرکردایەتی بڕیاری هەرەسی پەسەند کرد، لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا بە هۆی پڕوپاگەندە و پەرتەوازەیی سەرکردایەتی وەرەی پێشمەرگە دابەزی، لە لایەکی دیکەوە حکومەت بڕیاری لیبووردنی گشتی بۆ هەموو هێزی پێشمەرگە ڕاگەیاند، لە گەرمەی پشێوی ناو سەرکردایەتی و کۆبوونەوەی بەردەوام و بێ ئاکامی کۆبوونەوەکان پشێوییەکەی زیاد کرد، ڕۆژی 20ی ئاداری هەمان ساڵ لە ئاکامی کۆبوونەوەی 18 لەسەر 19ی ئادار برووسکە بۆ هەموو هێزی پێشمەرگە لێدرا خۆیان ڕادەستی حکومەت بکەنەوە (بابان زادە، 2013، 173- 174).

ئەم بارودۆخەی کوردستان کە بە هاوکاری وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی ئێران دروست بوو و بووە هۆی کۆتایی شۆڕش، کە کاریگەری لەسەر کورد دروست کرد، لەم نێوەشدا عەونی لە شیعری (سروودی تازە) کە لە دوای کۆتایی شۆڕش نووسیویەتی، دیسانەوە نامەی نەبەزین و خۆڕاگری بۆ ڕۆژەکانی نەتەوەی کورد دادەڕێژێ، وەکوو دەڵێت:

گەر نەمــردم بەم بــرینە ئەمــجــا ئــاکــارم بــبــینــە!
بەکـاردێنم بیر و هەســتم ســرووودێـک وا هەڵـدەبەســتم!
قارەمانی ناو ســەنگەر بێ پێشــمەرگەی دەســت بە خەنجەر
مووشــەکێکی تانک شــکێن بـــــــــــــــــــــــــــــێ (عەونی، 1997، 12-13).
بـــــــــــــــــــــــــــێ هـێـزێـکـی دوژمـن بەزێـن بـێ

هەرچەندە هەرەس ڕاگەیەندرا، بەڵام شاعیر کۆڵ نادات و گەشبینە لەوەی شۆڕشەکە بۆ ماوەیەك دەوەستێ، بەڵام لە دەرفەتێکی دیکەدا بە گڕوتینێکی نوێ سەرهەڵدەداتەوە، بە بێ گوێدانە ئەو چەکە کوشـــندانەی لە دژی ڕۆڵەکانی کورد بەکاردێن و بەڵێن بە گەلی کورد دەدات کە ســـرووودێکی ئەوتۆ دەچرێ کە ڕەنگدانەوەی قوربانی ناو سەنگەر بێت.

**دووەم: خالید دلێر:**

دەســـەڵاتدارانی عێراق دوای ئەوەی تێگەیشـــتن لەوەی کە ناتوانن بە بەکارهێنانی هێز شـــۆڕشـــی کوردستان لەناو بەرن، بە مەبەستی ئاگربەست و دەستپێکردنی گفتوگۆ پەنایان بردە بەر پەیوەندی کردن بە ســـەرکردایەتی شـــۆڕشـــی ئەیلوول، دواجار گفتوگۆ بە دوو قۆناغ دەســـتیپێکرد (عەبدوڵڵا، 2008، 39). لە قۆناغی دووەمدا ســـەددام حوســـێن، جێگری ســـەرۆك کۆماری ئەو کاتە ســـەردانی گەلاڵەی کرد و ڕۆژی 11ی ئاداری 1970 ڕێککەوتننامەی لەگەڵ مەلا مســـتەفای بارزانی واژۆ کرد و کۆتایی بە شـــەڕ هات (ڕەســـووڵ، 2005، 348). ئەمەش بە دەســـتکەوتێکی گەورە بۆ گەلی کورد لە باشووری کوردستان دانرا، کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستان دەوڵەتێکی داگیرکار بە شێوەیەکی فەرمی دانی بە مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد نا (مام خول، 2013، 189).

ئەم ڕووداوە گەلی کوردی بە گشتی دڵخۆش کرد، لەم نێوەشدا شاعیران لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە دڵخۆشی و هەستی خۆیان دەربڕی. خالید دلێر، ساڵی 1970 لە دوای 11ی ئادار، شیعری (ئۆتۆنۆمی) دەنووسێت، چونکە لەو سەردەمە دروشمی سەرەکی جوڵانەوەی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بوو لە دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، هەر وەکوو دەڵێت:

ئاواتی خۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی

ئەی ئۆتۆنۆمی ئاواتی خۆمی
لە تۆیان دەوێ خەڵکی هەموویان
برینی ئێستا و ئێ ڕابردوویان
سارێژکەری ماف و خۆشی و سەربەستی
هەر کەس هەقی خۆی بخەیتە دەستی (شەریف، 2020، 242- 243).

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول، سەرکردایەتی شۆڕش، دروشمی "دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"یان بەرز کردبووەوە، دەیانویست داخوازییە ڕەواکانیان لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی بەدەستبهێنن (مام خول، 2022، 55). ئەمەش بووەتە هۆکار کە خالید دلێر لەو شیعرەدا پێداگیری لەسەر ئۆتۆنۆمی بکاتەوە.

هەروەها خالید دلێر لە شیعری (ڕۆڵەی کورد) دەڵێت:

ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین
دەبا بزانن خائینان
ئێمە کوڕانی میللەتین
دەبا بزانن دوژمنان
خاوەن توانا و هیمەتین
لە مافی کورد، وازناهێنین بۆ سەندنی، بە هەڵمەتین (شەریف، 2019، 282).

شاعیر باس لە خەباتی دێرینی گەلی کورد دەکات، کە هەرگیز سەری بۆ دوژمنان دانەنواندوە، بەڵێنی داوە کە کوردستان بە هەر نرخێك بێت ڕزگار بکەن.

**سێیەم: سامی عەوداڵ[8]:**

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە درێژایی مێژوو لە هەڵچوون و داچووندا بووە، ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکان کاری زۆریان کردووەتە سەر هەست و نەستی شاعیرانی کورد، ئەوانیش بێ دەنگ نەبوونە بەڵکوو هەڵوێستیان وەرگرتووە، بە شیعر نارەزایی خۆیان خستووەتەڕوو، ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبووە لە ئاراستە کردنی لاوان و شۆڕشگێران بۆ خەبات و تێکۆشان و بەرگری کردن لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاك و نەتەوەدا، گیانی بەرەنگاری هزری شۆڕشگێرییان لە دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستان چاندووە (مەعروف، 2010، 13).

ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار لە شیعری سامی عەوداڵ ڕەنگی داوەتەوە، هەر وەك لە شیعری (ئازاری دووەم)دا دەڵێت:

یـانـزەی ئـازارە، یـانـزەیـی ئـازار    چونە نەورۆز و گوڵزاری بەهار
ئومیـدەوارین خـوێن نەڕژێتەوە    ببێ بە مەرگی خوێنمژ و زۆردار
گولوکی بـاغـان بە خوێن شـین دەبـوو    ئاوی خونچان بوو لەناو لالەزار (عەوداڵ، 2010، 85).

دیارە شیعرە سیاسییەکانی سامی عەوداڵ بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا نووسراون، خەڵکی بە ئاسانی لێیان تێدەگات، هەست بە ئێش و ئازارەکانیان دەکەن، کە زیاتر بایەخی بە لایەنی هزری داوە (مەعروف، 2010، 13).

**چوارەم: دیاری:**

دیاری شاعیر، دوای ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار، دیاری لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (کورد) دەڵێت:

سـاڵی 71 پـاش ئێش و ئـازار    خۆشـی پەیدا بوو لە دەشـت و لە شـار
بۆ نەتەوەی کورد زستان بوو بەهار
کورد و عەرەب بوون بە تێکڕایی    گیـانـی لێ بـڕا دوژمن و بەدکار
دەستی یەکیان گرت و کەوتنە شایی (کـانـی کـوردەیـی، 2014، 32).

دیارە شاعیر باس لە خەباتی نەپساوەی پێشمەرگە دەکات لە بەرەکانی شەڕ و بە خوێنی ئەوان حکومەتی عێراق ناچار بووە دان بە ئۆتۆنۆمی دابنێت و ماوەیەك بە ئاسوودەیی بژین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێنجەم: عاسی:**

دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی 1970 عاسی هۆنراوەیەکی نووسیووە و گرنگی ئەو ڕۆژە و ڕێککەوتننامەکە نیشان دەدات، کە دەڵێ:

بای نەسیم لوتفی خوا بوو باوەشێنی کوردی کرد
ئاگری فیتنە لەناومان گورگی هار بوو دەرپەڕی
شێری ئاشتی کەوتە شوێنی ڕایڕفاند تا کلکی گرت
ئاگری بەردایە عومری تاکوو توبا لێی خوڕی
ڕووح و ویجدان و شەرەف هات گەییە سەر ئەوجی مراد
دەستی دا شمشیری عەدل و ساختە کاری گوێ بڕی (عاسی، 2008، 254).

عاسی، هەر بە بۆنەی 11ی ئادارەوە شیعری (ڕۆژی یازدەی مانگی ئازار بوو بە خۆشی و هاتەهات)ی نووسیوە، کە دەڵێت:

ڕۆژی یازدەی مانگی ئازار بوو بە خۆشی و هاتەهات
موژدەبێ ئێزگە لە بەغدا وا بەیانی خۆش ئەدات
زۆر بە خۆشی دەستی پێکرد ئەلموهیب ئەحمەد حەسەن
حازرین بۆ بەندەکان و حەللی جوملەی موشکیلات
قەومی کوردی ببنە یەک دڵ بێ غەرەزبن سەیری کەن
چۆن لەسەر بورجی نەجاحەت ڕۆژی هیواتان هەڵات (عاسی، 2008، 151).

لێرەدا شاعیر باس لە گرنگی یەکبوون و یەکڕیزی گەل دەکات کە دواجار بەرهەمەکەی گەیشتنە بە ئامانج و دروستبوونی ئاشتەوایی.

بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراق هەمیشە لە گفتوگۆ و کۆبوونەوە دابوون، لە ئاداری ساڵی 1974 ئیدریس بارزانی و شاندی باڵای کوردی بۆ سازادانی کۆبوونەوە چوونە بەغدا، لەو کۆبوونەوەیەدا سەددام حوسێن گوتبووی: "ناچارمان مەکەن لەسەر شەتولعەرەب تەنازول بۆ شاهی ئێران بکەین، ئەگەر ئەوەش ڕوویدا ئەوا ئێوە نرخەکەی دەدەن." ئەو ئاگادار کردنەوەیەش هەڕەشەیەکی گەورە بوو دژی کورد (عەبدوڵڵا، 2008، 241).

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواتر ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق لە 11ی ئاداری 1974 یەکلایەنە یاسای ژمارە 33ی بۆ ئۆتۆنۆمی لە کوردستان دەرکرد و بەعس ماوەی 15 ڕۆژی بە مەلا مستەفا بارزانیدا تا ئەو یاسایە پەسەند بکات، بەڵام ئێزگەی دەنگی کوردستانی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بە توندی بەرپەچی ئەو هەڕەشەیەی دایەوە و ڕایگەیاند کە گەلی کورد تا بەدیهێنانی دوا ئامانجی خەبات دەکات، پەسەند نەکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی 1974 لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە مانای دەستپێکردنەوەی شەڕ بوو، بەڵام بۆ سازشنەکردن لەسەر کۆڵەکە بنەماییەکانی ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە و بە ئامانج گەیاندنی پەیامی ڕزگاری کوردستان تاکە ڕێگەی چارەنووسساز بوو (عەبدوڵڵا، 2008، 250). بۆیە عاسی لە 2ی نیسانی هەمان ساڵ لە شیعرێکدا دەڵێت:

قەومی کوردی گوێ لە من کەن زۆر بە فیکرێکی تەواو
گەینە ئامانجی هیواتان پاشی سەد ساڵی تەواو
میوەیی سەبر و سەباتتان خوارد لە باغی کۆششا
ئافەرین سەربازی کوردی باز و شمقارِ هاتنە ڕاو
پشت دەنە یەکتر دەخیلە فورسەتە ئەی لاوەکان
ببنە شێری چنگ بە خوێن و وەک پڵنگیش وەرنە ڕاو
وا لە تاریکی پەژارەی نەکبەتی شەڕ قەومی کورد
سەیری ساحەی نیشتمانتان حەمدولیللا بووە هەتاو(عاسی، 2008، 220- 221).

**شەشەم: خوشکە فریشتە[9]:**

خوشکە فریشتە، جودا لە شیعر نووسین یەکێك بووە لەو کەسانەی ساڵی 1963 لە دوای شاڵاوی حکومەتی عێراق و ڕاوەدوونانی شیوعییەکان دەچێتە پاڵ ڕیزەکانی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی ئەیلوول لە شاخ و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان کردووە (جەلی زادە، 2019، 18). سەبارەت بە کورد و بەشداری ژنان لە شۆڕشی ئەیلوول لە شیعرێکدا دەڵێت:

وا هاتە بەر داری هیوای گەلی پڕ بڕوا
دوای چەند ساڵەهای تێکۆشان هەوڵ و تەقەڵدی بێ وچان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پــاش مــاوەیەك دەربەدەری چەوســـاندنەوە و کوێرەوەری
لە بەنـدیـخـانە و زیــنـدان لە نـاو ســزا و تـاڵـی ژیـان
لە چـوار دیـواری ژێـر زەمـیـن مەعرەکەی لەگەڵ مەرگ و ژین
لە پاش گشت جۆرە ئەزیەت دان هەنـدێ لە وڵـات دەرکــران
دەیـان گـوت ئەوان تـێـکـدەرن خەریــکـی ئـاژاوە و شـــەڕن (عەلائەدین، 2014، 316)

خوشـکە فریشـە لەم شـیعرەدا ڕووداوەکانی شـۆڕشـی ئەیلوول باس دەکات، کە کورد چی بەسـەر هاتووە، چۆن دەربەدەر و ئاوارە بووە، تەنانەت بارودۆخی شـــیوعییەکانیش لە دوای کوودەتای 8ی شـوبات باس دەکات. چونکە دوابەدوای سـەرکەوتنی کوودەتای 8ی شـوباتی 1963ی بەعسـییەکان بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا، بەعسییەکان هەڵمەتێکی بەرفراوانی گرتن و ڕاوەدوونانیان لە بەرانبەر لایەنگرانی ڕژێمی پێشووتر دەستپێکرد، بەتایبەتی ئەو هەڵمەتە ئەندام و لایەنگرانی حیزبی شیوعی عێراقی بە چڕی گرتەوە، کە بەشـێکیان کورد بوون و بە ناچاری ڕوویان لە کوردسـتان کرد (مام خول، 2022، 44).

خوشکە فریشتە لە درێژەی شیعرەکەیدا دەڵێت:

وا ئافرەتیش هاتە مەیدان هـاتە نـاو کۆڕی تێکۆشـــان
هۆشیار بوو ڕاپەڕی لە خەو بوون بە یەك کۆمەڵی پتەو
کۆمەڵـی مـافی ئـافرەتـان بەردەوامـن لە تـێـکـۆشـــان
بۆ وەرگرتنـی مـافی تەواو ئەو مافەی چەند ساڵە خوراو (عەلائەدین، 2014، 316)

شـاعیر لەم شـیعرەدا باس لە بەشـداری ژنان لە شـۆڕش دەکات، دیارە لە مێژووی گەلی کورددا، بە دەیان ئافرەت ناویان تۆمار کردووە، کە لە شۆڕش و بزووتنەوەکاندا بەشدار بوونە و جێدەستیان دیار و کاریگەرییان هەبووە. بۆ نموونە: حەپسەخانی نەقیب، سیاسییەکی سەدەی ڕابردووە، لە نێو شاری سلێمانی دەورونەخشی هەبووە. مـــــــارگرێت، یەکەم پێشمەرگەی ئافرەت بووە لە کوردستان و لە شاخدا بەرگری لە کوردستان کردووە. لـــــــــەیلا قاسم، یەکەمین ئافرەتی کوردە، کە لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد و لە مێژووی عێراقدا، کە لەسەر سیاسەتکردن لە سێدارەدراوە (ئەحمەد، 2021، 9- 10). هەڵبەتە ژنان لە شـــۆڕشـــی ئەیلوولدا ژمارەیان کەم بووە، بەڵام هەر کاتێك هەســـتیان بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ستەمی نەتەوەیی و زۆرداری کردبێت، لە پێناو دادپەروەری بەشدارییان لە شۆڕش کردووە، یا لە نێو شار و لادێکاندا ئەرکی ڕێکخستنی نهێنییان لە ئەستۆ گرتووە و کۆمەکیان پێشکەش بە شۆڕش کردووە (کانی کوردەیی، 2021، 29).

## ئەنجام

ڕووداوە مێژووییەکان و شۆڕش و بزووتنەوە کوردییەکانی کوردستان کاریگەرییان لەسەر هەستی سۆز و باوەڕی شاعیرانی کورد هەبووە.

ڕووداوەکان شۆڕشی ئەیلوول، کاریگەریی لەسەر دید و بۆچوونی شاعیران دروست کردووە، ئەمەش بووەتە هۆکار کە بە تەواوی لە شیعرەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە.

شاعیرانی کۆیە، لە دوای هەر ڕووداوێکی مێژوویی پەیوەست بە شۆڕشی ئەیلوول، چ لە سەر ئاستی کوردستان، چ لەسەر ئاستی کۆیە، شیعرێکی تایبەت بە ڕووداوەکانیان نووسیوە و وێنای بارودۆخەکەیان کردووە.

شاعیرانی کۆیە لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە ڕۆڵەکانی کوردیان هۆشیار کردووەتەوە و ئامۆژگاری خەڵکیان کردووە بەشداربن لە سەرخستن و بە ئەنجام گەیشتنی شۆرش.

تەنیا شاعیرانی پیاو شیعریان بۆ شۆڕشی ئەیلوول و ڕووداوەکان نەنووسیوەتەوە، بەڵکو ژنانیش لە نێویاندا زەینەب خان لەم ڕووەوە شیعری نووسیوە و کاریگەری شۆڕش لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

دەستپێکی ئەیلوول و هێرشی حەرەس قەومییەکان، ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار و نسکۆی شۆڕش، زیاتر کاریگەری لەسەر شاعیرانی کۆیە هەبووە و بووەتە هەوێنی لەدایکبوونی شیعری نیشتمانی.

## پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان

پەراوێزەکان:

(1) عوسمان عومەر مام یەحیا عەبدوڵلا، ساڵی 1931 لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی 1947 یەکەمین شیعری بە ناوی (پرسەی بۆ گەشت) نووسیوە، لە گەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول دەبێتە

پێشـــمەرگە، لە ماوەی ژیانیدا دوو جار دەســـتگیر دەکرێت و دەخرێتە بەندیخانەوە. خاوەنی دیوانە شیعرێکە بە ناوی (ئاسۆی چل چیا). شەوی 21 لەسەر 22ی کانوونی دووەمی ساڵی 2000 بە هۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی دەکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (پشکۆ، 2020، 11- 14).

(2) خالید عەبدولواحید ئەحمەد ســلێمان، ناســراو بە خالید دلێر، لە 20ی ئابی 1933 لە کۆیە لەدایکبووە، ساڵی 1947 ئەو کاتەی پۆلی پێنجی سەرەتایی دەبێت لەگەڵ چەند خوێندکارێکی دیکە کۆمەڵگەی پێشـکەوتنی خوێندەواری دادەمەزرێنن، ئەمەش دەبێتە ســەرەتایەك بۆ دروســت بوونی یەکێتی قوتابییانی کوردســتان. لەگەڵ دەستپێکی شـۆڕشـی ئەیلوول دەبێتە پێشـمەرگە... لە 16ی کانوونی یەکەمی 2011 کۆچی دوایی دەکات و ڕۆژی دواتر لە کۆیە بە خاك دەسـپێررێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شەریف، 2020، 16- 26).

(3) حەرەس قەومی، میلشـیایەکی نوێی چەکداری حیزبی بەعس بوو، لە بەرەبەیانی ڕۆژی کودەتای 8ی شـوباتی سـاڵی 1963 بە گوێرەی بەیانی 3 و 4ی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی نیشـتمانی شـۆڕش پێکهات، کە ڕۆڵی زۆریان لە ڕاوەدوونان و گرتن و ئەشـــکەنجەدانی نیشـــتمانپەروەران هەبوو، ئەو میلیشـیایە سـەربازییە، بە فەرمانی کۆماری ژمارە ٣٥ لە ٢ی ئاداری سـاڵی ١٩٦٣ ڕەوایەتی یاسـایی و دەســـتووری پێدابوو، دواتر توانییان هەموو کاروباری کارگێڕی و ســـەربازی عێراق کۆنترۆڵ بکەن، هەروەها ســـیاســـەتێکی توندوتیژانەیان لە بەرامبەر هاووڵاتییانی عێراقدا پەیڕەو دەکرد، بەردەوام خەریکی ئەشکەنجەدانی هاووڵاتییان و زیندانی کردن و کوشتنیان بوون، جگە لەوەی هیچ ڕێزێکیان بۆ بەها کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان دانەدەنا (تەیب، ژ 37، 12- 13).

(4) مستەفا مەلا ڕەسووڵ مەلا ئەبوبەکر مەلا حەمەدەمین، ناسراو بە عاسی، ساڵی 1885 لە گوندی خرابەی دەشـــتی کۆیە لەدایکبووە، ســـەرەتا لای باوکی خوێندوویەتی، دواتر بۆ ماوەیەك لای مەلای گەورە خوێـندوویەتی، ئەوجا چووەتە ســـەرگەڵوو. لە گوندەکانی: خرابە، کـانی کوردە، کـانی بی، بانەگوڵان، بۆگد و شـیواشـۆك مەلایەتی کردووە، لە 24ی ئەیلوولی 1975 کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی شەهیدان بە خاك سپێرراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عاسی، 2008، 7- 10).

(5) زەینەب خان کچی مەلا ڕەئووف مەلا مەحموود کوڕی عەللامە مەلا ســەعد خادم ســوجادەیە، ســاڵی 1900 لە کۆیە لەدایکبووە، خوشــکی دڵداری شــاعیرە، لە تەمەنی 20 ســاڵییەوە شــیعری

نووسیوە، پەیوەندی لەگەڵ هەر یەك لە پیرەمێرد، حەمدی، تاهیر بەگ، ئەحمەد موختار جاف و فایەق بێکەس و چەندین شاعیر دیکە هەبووە. ساڵی 1963 بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی ئیمام محەممەد نێژراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (غەمبار، 2021، 29-33).

(6) ڕەسووڵ ئەحمەد تەیب حەمەسمایل، ناسراو بە مەلا ڕەسووڵ کانی کوردەیی، نازناوی شیعری (دیاری)یە، ساڵی 1937 لە گوندی کانی کوردەی دەشتی کۆیە لەدایکبووە، ساڵی 1945 بۆ ماوەی سێ ساڵ دەرسی ئایینیی خوێندووە، دواتر دوو ساڵ لە بەرگی مەرگە خوێندوویەتی، لە گوندەکانی: قەسرێ، سوورەقەڵا، ساتووقەڵا و شاری کۆیە مەلایەتی کردووە، ناوبراو خانەنشینە و ئێستا لە کۆیە دادەنیشێت (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەسووڵ ئەحمەد تەیب، کۆیە، 27ی تشرینی یەکەمی 2022).

(7) عوسمان حەبیب عەبدوڵڵا محەممەد عەبدوڵڵا، لە 1ی تەمموزی 1911 لە شاری کۆیە لەدایکبووە، تاکوو پۆلی پێنجەمی خوێندووە، دواتر بە هۆی کۆچی دوایی باوکییەوە واز لە خوێندن دەهێنێت، دواتر لە مزگەوتی حەتك لە لای مەلا محەممەدی مەلا برایمی عەودالان هەندێك دەرسی ئایینی خوێندووە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی فراوانی لەگەڵ شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی هەبووە، ناوبراو لە 20ی تەمموزی 1992 کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی شەهیدان بە خاك سپێرراوە (مستەفا، 2014، 32- 61).

(8) مەلا حوسێن بابە ڕەسووڵ، ناسراو بە سامی عەودالٚ، ساڵی 1910 لە کۆیە لەدایکبووە، لە سەرەتای تەمەنییەوە هاموشۆی تەکیەکانی عەودالانی کردووە، ساڵی 1942 بە هۆی بێکاری و برسییەتی دەچێتە تەق تەق و خەریکی چایەچییەتی بووە، ساڵی 1945 بە نیازی تووتنەوانی بە خێزانەوە دەچنە بیتوێن، ساڵی 1950 تا ساڵی 1972 لە هەولێر خەریکی پینەدۆزی دەبێت، دواتر دەگەڕێتەوە کۆیە و لەسەر کارەکەی بەردەوام دەبێت، ناوبراو لە ڕێککەوتی 20ی کانوونی یەکەمی 1985 کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی دەروێش خدر لە کۆیە بە خاك دەسپێررێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حەمەد بەگ، 2015، 6- 10).

(9) خەدیجە مستەفا محەممەد ئاغای حەوێزی، ناسراو بە خوشکە فریشتە، ساڵی 1926 لە کۆیە لەدایك بووە، خوشکی ئەحمەد دڵزار و کەریم شارەزایە، لە تەمەنێکی بچووکەوە دەست بە کاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێکخراوەیی دەکات، ژنێکی چالاکی شاری کۆیە بووە، یەکێك بووە لە بەشدار بووانی خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی 14ی تەمموزی ساڵی 1958، هەروەها بەشداری چەندین کۆنگرەی ژنانی لە دەرەوەی وڵات کردووە، لەوانە: چین و بولگاریا و چیك. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (گەیلانی، ب 1، 2021، 87- 90).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: کتێبە کوردییەکان**

1. ئەحمەد، زامدار، (2021): ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد، ناوەندی ڕۆشنبیری سارا، سلێمانی.
2. ئەلعامری، عەبدولخالق ناسر (دکتۆر)، (2021): بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق (1931- 1975)، وەرگێڕانی: ئەرکان شارباژێری، بڵاوکراوەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی دهۆك، بێ شوێنی چاپ.
3. بابان زادە، کامەران جەمال، (2013): ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشوور، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
4. پشکۆ، (2020): بەهاری چل چیا (شیعری عوسمان عومەر مام یەحیا "پشکۆ")، ئامادەکردن و توێژینەوەی: پەیوەست خۆشناو، بێ شوێنی چاپ.
5. تەیب، جەمال فەتحوڵڵا، (2012): بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (1975/3/21- 1980/11/28) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، بڵاوکراوەی زانکۆی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
6. جەلال، ئیبراهیم، (1998): خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول (بنیاتنان و هەڵتەکاندن 1961- 1975)، چاپی دووەم، چاپخانەی هێرمان، سوێد.
7. جەلال، کاوە تەیب، (2017): کەرتبوون لە نێو پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان (1976- 1988)، بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا، سلێمانی.
8. جەلی زادە، دڵدار، (2019): خوشکە عیففەت تەمەنێك بۆ نیشتمان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

9. حاجی، شۆڕش (دکتۆر)، (2018): ناسیۆنالیزمی کوردی و پەرچەکردار (ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبی بەعس) ڕووداوەکان 1963- 2003، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی ماد، تاران.
10. حەمەد بەگ، جەواد، (2015): بەشێکی تر لە شیعرەکانی سامی عەوداڵ، چاپخانەی پەنجەرە، تاران.
11. دزەیی، موحسین، (2009): وێستگەکانی ژیانم، وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
12. دڵزار، ئەحمەد، (2019): بیرەوەریی ڕۆژانی ژیانم، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
13. دلێر، خالید، (1968): ئاگر و کوڵ، چاپخانەی دار السلام، بەغدا.
14. ڕەسووڵ، شوکرییە (پ. دکتۆر)، (2018): زەینەب خان (کچە کورد 1900- 1963)، خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
15. ڕەسووڵ، فاتح، (2005): بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
16. زەینەب خان، (2018): دیوانی زەینەب خان (کچە کورد 1900- 1963)، ئامادەکردنی: حیکمەت حەمید مەلا ڕەئووفەفەندی خادم سوجادە، پێشەکی و پێداچوونەوە و ڕێکخستنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
17. شارەزا، کەریم، (2013): کۆیە و شاعیرانی، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
18. شەریف، عەبدولواحید ئیدریس (دکتۆر)، (2020): خالید دلێر باوەڕێکی نەگۆڕ (ئەدەب، هونەر، سیاسەت)، بێ شوێنی چاپ.
19. عاسی، (2008): دیوانی عاسی (1885- 1975)، ئامادەکردن و پێشەکی و فەرهەنگۆکی: عەزیز گەردی، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.
20. عومەر، ڕێباز دلاوەر، (2021): پێگەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلوول (1961- 1975)، بڵاوکراوەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی دهۆك، بێ شوێنی چاپ.

21. عومەر، سەروەر عەبدولڕەحمان (دکتۆر)، (2019): حزبی شیوعیی عێراق و مەسەلەی کورد 1934- 1975 (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
22. عەبدوڵڵا، فەرەیدوون عەبدولڕەحیم، (2005): بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق (11ی مارتی 1970- 11ی مارتی 1974)، چاپخانەی منارە، هەولێر.
23. عەلائەدین، عەبدولخالق، (2014): کۆیە... ناودارانی، بێ شوێنی چاپ.
24. عەودال، سامی، (2010): دیوانی سامی عەوداڵ، کۆکردنەوە و پێشەکی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی: د. کەمال مەعرووف، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
25. عەونی، (1997): دیوانی عەونی، بێ شوێنی چاپ.
26. غەمبار، کەمال (دکتۆر)، (2021): ژیننامەی زەینەب خان لە هۆنراوەکانیدا (لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و هەمووارکردنەوەی ڕێنووسەکەی، چاپخانەی ماد، تاران.
27. قەرەداغی، مەهاباد، (2018): ئافرەتیزم (مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان 1918- 2018) توێژینەوەی مێژوویی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
28. کاکە، حەسەن، (2013): هەورازەکانی کاروانی تەمەنم، دارشتنەوەی فازیل شەورۆ، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
29. کانی کوردەیی، مەلا ڕەسووڵ، (2014): لە هەواری کانی کوردەوە (چەپکێك لە هۆنراوەکانی دیاری)، بڵاوکراوەی زانکۆی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
30. گەیلانی، شیلان، (2021): ژنانی کورد (گوڵبژێرێك لە ئافرەتانی ئافرێنەر لە ئاوێنەی مێژوودا)، بەرگی دووەم، ژنانی کوردستانی تورکیا و کوردستانی عێراق، نشر سنندج، سنە.
31. مام خول، ڕەفیق ڕەحمان، (2013): مستەفا بارزانی (ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا 1958- 1970)، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
32. محەممەد، مەسعوود، (2009): گەشتی ژیانم، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

**دووەم: نامەی ئەکادیمییەکان**

33. کانی کوردەیی، هەورین عەلی، (2021): ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ژنانی کۆیە (1958- 1991)، توێژینەوەیەکی مێژوویی- زارەکییە، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە و پێشکەشی بەشی مێژوو- فاکەڵتی پەروەردە کراوە.
34. مام خول، ڕەفیق ڕەحمان، (2022): ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣-١٩٧٠ (توێژینەوەیەک لە مێژووی سیاسی)، تێزێکی دکتۆرایەی بڵاونەکراوەیە و پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر کراوە.

**سێیەم: گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکان**

35. شەریف، عەبدلواحید ئیدریس (دکتۆر)، (2019): هونەرمەند خالید دلێر (خاوەنی چەپکێك ئاوازی سروود و گۆرانی، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
36. عوسمان، بورهان حاتەم، (2021): پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی شارۆچکەی کۆیە لە ساڵی 1987دا (لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەییە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 48.

**چوارەم: گۆڤارەکان**

37. تەیب، جەمال فەتحوڵڵا، (2015): هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی 1963دا (توێژینەوەیەکی مێژووییە)، بەشی یەکەم، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە 37.
38. تەیب، جەمال فەتحوڵڵا، (2015): هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی 1963دا (توێژینەوەیەکی مێژووییە)، بەشی دووەم، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە 38.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێنجەم: چاوپێکەوتنەکان**

39. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەسووڵ ئەحمەد تەیب، کۆیە، 27ی تشرینی یەکەمی 2022.

## انعكاس أحداث ثورة ايلول في شعر شعراء كوية في السنوات (1961-1975)

أ. م. د. جمال فتح الله طيب
[1]قسم التاريخ، كلية التربية، جامعة كوية، كوية، إقليم كوردستان، العراق
jamal.fathulla@koyauniversity.org

**ملخص:**
كويه مدينة أثرية كوردية، ذات حضارة تأريخية، ومعروفة بأنها مدينة الادباء والمثقفين، وخصوصاً في القرن العشرين، اكثر الشعراء المشهورين في اقليم كردستان كانوا من أهل كوية، منهم: عاسى، زينب خان. سامى عودال، خوشكه فريشته، پشكو، خالد دلێر، ديارى، عەونى... كان مضمون أشعارهم حول السياسة والحب القومية والوطنية والاجتماعية وما الي ذلك من أسباب انفعالات الشعراء الأحداث الجارية اليوم ، لذلك عندما بدأت الثورة في 11 سبتمبر 1961 واندلعت الحرب بين الحكومة العراقية والأكراد ، أصبحت الأحداث هي الأساس لتحريك مشاعرهم. كما أنها تشجع المواطنين على المشاركة في الثورة وتقديم التضحيات من أجل إنجاح الثورة.

**الكليمات المفتاحية**: شعراء كويسنجق، شعر، ثورة سبتمبر، الحكم الذاتي

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥ )، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Reflection of the events of the September Revolution in the poetry of Koya poets in the years (1961- 1975)

**Asst. Prof. Dr. Jamal Fathullah Taib**
Department of History, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
jamal.fathulla@koyauniversity.org

**Keywords**: influence and attitude, Koya, poet, poetry, September Revolution

**Abstract**

Koya is one of the ancient Kurd's city and has an old history. It is known for the literate and educated people, especially in the twenty's century. Most of the well-known poets of Kurdistan are from Koya, including: Asi, Zainabkhan, Sami Awdal, Khusha Frishta, Pishko, Khalid Dler, Dyare, Awni and. The content of their poems was about politics, romance, Kurd-ship, national, social etc.

One of the factors of motivating the poet's feelings were the events of their time. That is why as the revolution in September 11, 1961 starts and the Iraqi's attack on south of Kurdistan, these events become a spark in stirring their feelings and emotions and they support and narrate the revolution through their poems. In addition, they motivate people to take part in the revolution and get ready for sacrifice to get it succeeded.

---